# پێشنیارێک بۆ بەردەست بەتەنگ هاتوانی کێشەی کورد
# سەبارەت بەبەشدار بوون لە دەنگدانی
# ٢٠٠٥/١٢/١٥

حاجی ئەنوەر ٢٠٠٥/١٢/٧



زۆبەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان وەک نارەزایەتیەک دژ بەدەسەڵاتی نادیموکراتیانەو ناشارستیانە و چەواشەکارانە وغەرق بووی ناوزەلکاوی گەندەڵی پارتی و یەکێتیدا نیازیانە دەنگ نەدەن ، خۆ ئەگەر ناچاریش کرابن بەشداری بکەن لەترسی موچەو نان برانیان ئەوە فۆرمەکە بە سپێتی دەخەنە ناو سندوقەکانەوە . بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچونەم ئەو هەموو کۆبونەوەو کۆرو سیمینارانەیە کە رۆژانە لە دەسگاکانی راگەیاندن وکۆبونەوەی فەرمانگاکان و گەرەکەکانیش لە رێگای کۆمیتەو ناوچەکان و رێکخراوەکانیانەوە هەتا بایعەکانەوە دەکرێت ، بۆ خۆشم لە رێگای تەلەفۆنەوە وپەیوەندیم بە ١٠کەسەوە لە شاری سلیمانی کرد ٣ خوێندکاری زانکۆ ٣ فەرمانبەر ٤کاسبکار سەرئەنجامی وەلامەکان : ـ
پاش هەواڵ پرسین و پەیمان دان کەناویان ناهێنم .

وەڵام (١) : ـ ئەگەروەک من یەک رۆژخوێندکاری زانکۆ بیت ئەوسا دەزانیت بۆ دەنگ نادەم .

: ـ ئەی بۆ دەنگ بە لیستەکانی تر نادەیت ؟

وەڵام: ـ هەمویان وەک یەکن ، پێش دەستەڵات گرتنەدەست شۆرشگێرو دیموکراتی ودڵسۆزن, بەڵام کەدەستەڵاتیان گرتە دەست خواناناسن ، بەدەستیان بێت ئۆکسجین پشت بەپێی ئارەزوەکانی خۆیان دەتدەنێ ،

****************************************

وەڵام(٢): ـ بەڵێ بەشدار دەبمودەنگ بەیەکگرتوی ئیسلامی ئەدەم .

: ـ تو و ئیسلام کوجا مەرحەبا .

وەڵام: ـ راست دەکەیت ، ئەوە مانای ئەوە نیە کە من باوەرم بە ئیسلامە ، بەڵام دزی گەورە دزیی گەورەدەکات و هی بچوکیش بچوک .

: ـ مەبەستت چیە لە دزی گەورەو بچوک ؟ .

وەڵام: ـ بەپێکەنینەوە . لێرە حسابیان بۆ ناکرێت بەتایبەتی لە نێو خوێندکارانا ، کاک حاجی دڵێ دەترسێت ؟ . مەبەستم یەکێتی و پارتیە حەز دەکەیت ئێستا هاوار ئەکەم .

****************************************

وەڵام(٣): ـ نابەشداری ناکەم ، ئەمان لەم هەموو ماوەزۆرەدا نەیان توانی باری ژیانی میللەت چاک بکەن ، گەندەڵی لەناوبەرن ، فەرقوفروق نەهێڵن ، هەتاماون ناتوانن و خراپتریش دەبن .

: ـ بەپێی کەناڵەکان راگەیاندن و هەندێ کەس ، باری ژیانی خەڵک باشە ، ئەی دەنگ بەلیستێکی تر بۆ نادەیت ؟ .

وەڵام : ـ کام کەناڵانە ؟ دەتۆ وەرەوە و ٤٠ساڵ داوا بکە بزانە ٢ دەقە رێگات پێدەدەن چوار دێر بڵێت ئەگەر پیاوی خۆیان نەبیت . سەرنجی ئەوەت داوە کە چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکی ناوشارەکان دەکەن کەسێک نیە نارازی بێت ، هەمووی بەشان و باڵی مامە یا هەڵدەدەن . بۆ ئاگاداریت جارێک لە زانکۆ هاتینە دەرەوە بەرێکەوت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم قسەی باشم کرد کەچی بڵاویان نەکردەوە . ئەو کەسانەی کەدەڵێن باری

ژیان باشه درۆ دەکەن ، سادەترین شت نەبونی ئاوکارەبایەکەپێویستی هەمووسانیەیەکە.

**************************************************

وەڵام(٤): ـ بەشدار دەبم بەڵام فۆڕمەکە بەبەتاڵی دەخەمە ناو سندوقەکەوە . ئەمە مانای ئەوە نیە هەموویان وەک یەک خراپن ، بۆ نمونە پارتی چارەسەر دیموکراتی بەلای منەوە خراپ نیە بەڵام ڕێگایان پێنادەن ، دەریش بچن گەرێکیان پێدەکەن و شەڕێکی تری برا کوژی هەڵدەگیرسێنن ، باشتر وایە بەبەتاڵی شەقی تێهەڵدەم .

**************************************************

وەڵام(٥): ـ بەشدار دەبم بەڵام باوەڕم پێی نیە هەموو شتێک دانراوە . ئەمانە وەک داشی دامەن بەدەستی ئەمریکاوە ، من دەنگ بدەم یان نایدەم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێت گۆڕانکاری بکات ، ئەمانیش زۆر ئاقڵ بوون زانیان چۆن ئەو شارە بزێووسرکەی سلێمانی خاموش بکەن . بەڵام جارێ نازانم دەنگ بەکام لیست دەدەم ، یان بە سپێتی دەیخەمە سندوقەکانەوە .

**************************************************

وەڵام(٦): ـ بەشدار دەبم بەڵام لە ڕقی یەکێتی وپارتی دەنگ بەیەکێک لەلیستەکانی تر دەدەم

: ـ بۆ لەڕقی یەکێتی وپارتی ؟

وەڵام: ـ کاکە ئێوە بۆ خۆتان نەجاتتان بوە و لە هیچتان کەم نیە و لە وولاتێکی دیموکراتیا بێخەم و خەفەت ژیان بەسەر دەبەن . من هەموو ڕۆژێکم مردنێکە کە کۆنە مودیرە بەعسیەکەمان کە جاران بەشەق دەیبردین بۆ یوم المحافظە و بە شەقیش چەپڵەی پیلێدەداین ، ئێستاش مودیرەو کۆبونەوەمان پێدەکات کەدەنگ بە لیستی ٧٣٠ بدەین .

**************************************************

وەڵام(٧): ـ بەشداری چیبکەم ؟ دەنگدان بەکێ ؟ کورد جارێکی تر قەدلەمڕۆی خراپتری بەسەر نایە مادام ئەمریکیەکان هەن خەممان نیە یەک ساڵ ئەمریکیەکان لێرەبوون تری ئەمانەیان بری بوودنیا کشومات هەرچاوێکیان هەڵهێنایە شکاتمان لێدەکردن خۆزگە ئەورۆژانە دەگەڕایەوە و نەجاتمان دەبوو لەم جوعل بەحرانە .

(ئەمریکا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا هاتوەو دەنگی ئەوە هەیە بکشێتەوە )

وەڵام: دەی تۆش بڵێ بۆ نەوتەکە هاتوە ؟ ئەگەر بۆنەوتەکە هاتوە یاخوا بەخێر بێت ، بەس نەبوو تەنکەرەکە دەهاتە بەردەم ماڵەوە ، ئێستا بە پارەش دەست ناکەوێت .

**************************************************

وەڵام(٨): ـ نەخێر ناچم هەرسەیری تەلەفیزۆنەکەشیان ناکەم ، بە حوشتریان ووت کورت بوو ، ووتی بەمن چی خۆبارەکەی من هەر ٤٠ مەنە . مام جەلال سەرۆک بێت کاک مەسعود سەرۆک بێت بەمن چی ، من هەر چایچیەکەی جارانم ، جاران چوارپیاوی خۆت ئاسای دەهاتنە چایخانەکەوە ئێستا لەسایەی سیاحیەکانی ئەمانەوە ئەوەش نەماوە . کوڕە دانیشە بەدەردی خۆتەوە خوا پارویە نانی داوێتێ ناشکور مەبە ، ئەوە با مژدەشت بدەمێ (....... ) گەڕاوەتەوە لە بەغا و چوەتەوە ناو خانوەکەی خۆیی و تەقاعودیش کراوەو ئحترامیشی لێدەگیرێت ودووریش نیە نەچین واستەی پێنەکەین ، تۆش برۆ هەر لە وورگی خۆت بدە .

**************************************************

وەڵام(٩): ـ نەوەڵا بەشدار نابم ، بۆ کێ ؟ بۆ پانکردنی ملی هەژدیهاکان ؟ بۆ زلکردنی وورگی وورگ دڕاوەکان ؟ بۆ ئەوانەی بەپاتەی لاستیکەوە هاتنەوە و خوێنی ئەو هەموو کورەجوانانەیان گۆڕیەوە بە ماڵومولک بۆ خۆیان . دەنگ نادەم و تەلەفونەکەش داخەی باشترە با من بەڕووتا دای نەخەم چونکە دەزانم ئینسانی غەریب دڵی ناسکە .

**************************************************

وەڵام(١٠): ـ بەڵی بەشدار دەبم ئەمڕۆ لە خزمەتی جەنابی مام جەلال دابوین بە دوورو درێژی باسی گرنگی دەنگدانی بۆ کردین کە بەشدار نەبوون بەزیانی کورد دەبێت ، داواڵە تۆ هەموو ئەوکەسانەی کە کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن هانی کوردەکانی خارج بدەن بەشداری بکەن و دەنگ بەلیستی ٧٣٠ بدەن چونکە چارەنوسمانە .

ئەنجام : ـ

١ ـ لە ٣ خوێندکاری زانکۆ دوانیان بەشداری ناکەن و یەکێکیان دەنگ بە یەکگرتو دەدات

٢ ـ لە ٣ فەرمانبەر دوانیان بە سپێتی فۆرمەکەدەخەنە سندوقەوە یەکێکیان لە ڕقا دەنگ بەیەکێ لەلیستەکانی تری کوردستان دەدات .

---

٣ ـ له ٤ کاسبکار سیانیان دەنگ نادەن و یەکێکیان دەنگ به لیستی ٧٣٠ دەدات .

پێشنیار بۆ گفتوگۆکردن وگەیشتن بەئەنجامێکی دروست .

ڕۆژی ١٢/١٥ سندوقەکانی دەنگدان له بنکەکاندا دادەنرێن وبەشێک له خەڵکیش نۆرەدەگرن و بەبەڵێ یان نەخێر یان سپێتی بەشداری دەکەن . سروشتی دەستەڵاتیش لەدنیادا نەخوازەڵا لەووڵاتانی دواکەوتو بەئاسانی دەستبەرداری ئەو دەستەڵاتەیان نابن ، دەکەونە تەزویرکردن وکڕینی دەنگەکان و زۆربەی جاریش ناچارکردنی دەنگدەر بۆ دەنگدان به لیستێکی دیاری کراو . کوردستانی خۆمان زۆر دەوڵەمەندە لەم بوارەدا نمونەش یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان که چەند کاتژمێرێک تێنەپەڕی بەیاننابەی نارەزایەتی بەدژی تەزوێر لەلایەن ژمارەیەک له حیزبەبەشدار بووەکانەوە بلاوکرایەوە . هەرلە ئێستاوە کۆمەڵێک کێشە دەستی پێکردوە . دەستەڵاتدارانیش به حکومی دەستەڵات و ئیماکانەتەکانیان ، که لەڕاستیدا موڵکی میللەتەو دەستیان بەسەردا گرتوە ، دەتوانێت زۆر کاری نادیموکراتیانەی پێبکەن . من بەشبەحاڵی خۆم موقاتەعە یان فۆرم پڕنەکردنەوە( بەسپێتی ) بەخزمەتێکی گەورەی دەزانم بەرامبەر به مانەوەی گەندەڵی و نادیموکراتیەت و دواکەوتوەیەتی هەربۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم : ـ هەرکەسێک مافی بەشداربوونی هەیە ، بەشدار ببێت لەبەر چەند هۆیەک

١ ـ ئەوکەسانەی که مافی بەشدار بونیان هەیە و بەشدار نابن ، فۆرمەکانیان لەلایەن لایەنێکەوە پڕدەکرێتەوە له بەرژەوەندی خۆیان بەتاییەتی دەستەڵات . ئەزمون لەو بوارەدا زۆرە

٢ ـ باهەموو لایەنێک کێشی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا وەک چۆنە ئاشکرا ببێت .

٣ ـ ئەو کەسانەی وەک نارەزایەتیەک دژ بەدەستەڵات دەنگ نادەن ، دەنگ بەلیستێکی تر یان به نەخێر بەشداری بکەن وەک فشارێک بۆ سەر دەستەڵات .

٤ ـ سودوەرگرتن لەم پرۆسەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەزمونی زیاتر بۆ داهاتوو .

٥ ـ هیوادارم ئاخافتنی زیاتری لەسەر بکرێت تا تیشک بخرێتە سەرلایەنە نارۆشنەکانی .

بژی دیموکراتیەت .

سەرکەوتوبێت دەستەڵاتداریتی خەڵک بەسەر خەڵکەوە .

---